# سوونامیی هێرۆئین لە ئێران

**سەرچاوە: رادیۆ ئاڵمان** **و: عەلی بەهرامی**



گۆڤاری ئەشتێرنی چاپی ئاڵمان لە یەکێك لە ژمارەکانی مانگی نوامبری خۆیدا لە ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەل بە ناوی (ئێران، گۆلاوی مەوادی موخەدیر) باسی لە ئیعتیاد لە ئێران کردوە. ئێران لە چاو جەماوەرەکەی بەرزترین رێژەی ئیعتیادی لە جیهاندا هەیە.

تۆماس ئەسترکێرن سەرنووسەری گۆڤاری "ئەشترن"، بۆ سەردێڕی بابەتی چل و شەشەمین ژمارەی ئەو گۆڤارە کە لە مانگی نوامبر دا بڵاوبۆتەوە " رووی تاریکی رژیمی ئێران"ی هەڵبژاردووە.

هۆی هەڵبژاردنی ئەو سەردێڕە، ڕاپۆرتی تایبەتی (ئەشتفان گاسل) هەواڵنێری ئەو گۆڤارەیە کە بۆ بەشداری لە رۆژی جیهانی خەبات دژ بە خووگرتن (ئیعتیاد) سەردانی ئێرانی کردبوو و بە هاوکاری ئەسلان ئەرفەع وێنەگری ئێرانی، (تامی تاڵی ژیانی رۆژانەی لە ئێران) کێشاوە.

سەرنووسەر "ئەشترین" باس لە نوێ ترین ئاماری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکا کە بەو هۆیەوە لە هیچ شوێنێکی جیهان جوێ لە ئێران، بە لەبەرچاوگرتنی رێژەی خەڵك، ئەوەندەی موعتاد بە مەوادی موخەدیر نیە. ئەو تیمەی ڕاپۆرتەکەیان کۆکردۆتەوە لەگەڵ باغەوانەکان قسەیان کردوە کە کاریان ئەوەیە رۆژانە لە پارکەکاندا ئەو موعتادانە بدۆزنەوە کە بەهۆی بەکارهێنانی زۆری مادەی هۆش بەر لە رێگای دەرزیەوە مردوون یا ئەو کچانەی بۆ دابین کردنی مەوادی هۆش بەری پێویستی خۆیان و دایکیان مەجبوورن لەشفرۆشی بکەن.

ئەوان هەروەها چوونەتە ئەو شوێنانەی کە دەرزی خاوێن دەدەن بە موعتادەکان و چاویان بەو پزیشکانە کەوتووە موعتادان بۆ وەرگرتنی (متادون) لە بەر مەتەبەکانیان ریزیان بەستووە.

### "بەرەو سەرچوونی خەماوی"

چەند دانە رەنگی کاڵەوە بوو لە سەر دیوارێکی گەچی بەجێ ماوی ئەو بەختەیە کە رووی لە فریشتە کرد بۆ ئەوە ژیانی باشتر بێ. پیاوێك گووتبووی کە حازرە بیخوازێ تەنیا بە شەرتێك، کراك وەلانێ و خانەوادەکەی بەجێ بێڵێ. پیاوەکە رەفێقی براگەورەکەی بوو و خۆی پێشتر موعتاد بوو بەڵام ماوەیێکە تەرکی کردوە. فریشتە ئەو رۆژە و رۆژەکانی پێشتریش کابرای جواب کردبوو. لە ئاخرین چاوپێکەوتن دا، پیاوەکە لە کاتی رۆیشتن دا ژمارەی تەلەفوونی خۆی لە سەر دیوارەکە نووسی بوو بەڵام فریشتە هیچ کات پێوەندی پێوە نەگرت.

ئەشتفان گاسل ڕاپۆرتەکەی خۆی لە ماڵێکی بچووك و کۆنی یەکێك لە گەڕەکەکانی باشووری تارانەوە دەست پێ دەکا، جێگایێك کە فریشتەی ١٩ ساڵە لەگەڵ دایکی، خەریکی کێشانی هێرۆئینن. کچەکە روو دەکاتە هەواڵنێرەکە و دەڵێ: من کاتێ دایکێکی بەو باشیەم هەیە مێردم بۆچیە. دایك سیگارێك دەنێ بە لێوی کچەکەیەوە تا تووتنەکە تاڵی هێرۆئینەکە بگرێ و دەڵێ: فریشتە کچێکی باشە. بەڵام ئەگەر ئەومان نەبوایە چیمان دەکرد؟

لە دوای ئەو وێنە هەواڵنێری ئاڵمانی لە بەرەو سەرچوونی خەمناکی ئیعتیاد لە ئێرانی سی ساڵ دوای شۆرشی گەلان، دەڵێ: بە پێی ئاماری رەسمی حکومەت یەك ملوێن و سەدهەزار موعتادی کارکوشتە و حەوسەد هەزار موعتاد کە بە ئارەزوو مەوادی موخەدیر دەکێشن لە ئێراندا هەیە، هەر چەند راستی مەسەلەکە زیاتر لەو ئامارەیە. خووگرتن بە هێرۆئین لە ناو لاوان و بەتایبەت ژنان روو لە زیاد بوونە.

فریشتە دروست نازانێ کە دوازدە ساڵ بووە یا چواردەساڵ کە یەکەم جار مەوادی موخەدیری بەکار هێناوە. پیاوەکەیان بەجێی هیشتوون و دایکی بە حەوت منداڵەوە بۆ دەرباز بوون لە سەیری گاڵتەجارانە دراوسێکان لە شارە سنووریەکەی خۆیان کە لە عێراقە بەرەو تاران دێن. رەزای براگەورەیان هێرۆئینیان پێ دەناسێنێ و دوای ئەوە ئیعتیاد شیرازەی خانەوادەکەیان هەڵدەوەشێنێ. لەگەڵ مردنی خۆشکی گەورەیان لە تەسادوفدا، فریشتە ئەرکی پارێزگاری لە دایکی و برا بچووکەکەیان وەئەستۆ دەگرێ و ئێستا بە لەش فرۆشی خەرجی ئیعتیادەکەیان دابین دەکا، چ لە ماڵێك لە سەرووی شار یا لە شیرکەتێکی بیناسازی، داهاتی لە نێوان ٢٥ تا ٧٠ یۆرۆیە. هەر چەند ئەو پووڵە زیاتر بێ بەو رێژەیەش مەوادی موخەدیر لە بەیانی لە رێگەی گەرانەوە بۆ ماڵ دەیکرێ، زیاترە.

### "ئەوە باشە کە تەنیا حەشیش دەکێشێ"

هەواڵنێری ئاڵمانی دوای ئەوە بۆ رۆژهەڵاتی تاران دەروا، دەچێتە گەڕەکی "خاکسفید" جێگەیێك کە مەتەبی دوکتور محەمەد سادقی شیرازی لێیە. ئەو پزیشکە ٣٨ ساڵە زیاتر لە دە ساڵە کە موعتادەکان تیمار دەکا و لە نزیکەوە ئاگای لێ بووە چۆن رێژەی ئیعتیاد بە حەشیش لە دەیەکانی ٨٠ و ٩٠ی زایینی لە ناو لاواندا زیادی کردوە.

دوکتور شیرازی یەکێك لەو کەسانە بووە کە سێ چوار ساڵ پێش زەنگی مەترسی بۆ لێ درا، کاتێك کە مادەیێکی موخەدیری نوێ (هێرۆئین ـ کراك) هاتە بازارەوە و هەر زوو پەرەی گرت و خۆشەویست بوو. بۆ ئەوەی زۆران پێ یان وابوو مەترسی کەمترە لە هێرۆئین. لێکدانەوەیێکی هەڵە لە مادەیێك کە ١٠ تا ١٢ جار بەهێزتر لە هێرۆئینی ئاساییە.

(ئەورۆ ئەگەر نەخۆشێکی نوێم هەبێ کە تەنیا حەشیش دەکێشێ، پیرۆزبایی لێ دەکەم شوکرانەی خودا دەبژێرم) پزیشك ئەو دێڕە بە ئەستفان گاسل دەڵێ کە دەیهەوێ بزانێ بۆچی ئێران بەو شێوە چووتە ناو باتلاخی ئیعتیادەوە. هێندێ پێیان وایە بەرەو سەرچوونی ئیعتیاد هۆکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە الکول قەدەغەیە و وەك کاتی شا مەیخانە نیە. بەڵام من وا بیرناکەمەوە زۆرێك لەو کەسانەی مەوادی موخەدیر بەکار دێنن، هیچ کات بۆ بار یا مەیخانە ناچن. هۆی سەرەکی بە رێژەیێکی زۆر بۆ هەل و مەرجی خراپی ئابووری و رێژەی بەرزی بێکاری دەگەرێتەوە. ئەو هەواڵنێرە نرخی هێرۆئینیشی پێ زیاد دەکا: یەك گەرام هێرۆئین ـ کراك لە تاران کەمتر لە سێ یورۆیە.

### "وێنەی ئاشکرای ئیعتیاد"

پارکی کەوسەر لە باشووری تاران شوێنێکی دیکەیە کە هەواڵنێری گۆڤاری "ئەشترن" چووە. ناوبراو دەنووسێ: ناوچەی دەوروبەری پارك بێ شك وێنەی نیشاندانی مەوادی موخەدیرە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. چیمەنەکان بە دەرزی بەکار هاتوو داپۆشراون و لە نیوەرۆدا لە سەر سەندەڵیەکانی پارك دەتوانی ژمارەیێکی زۆر لە پیاوانی چەماوە ببینی کە روومەتیان داچۆڕاو و چاویان لە بێ هێزیدا هەڵ نایە.

هەر لەو شوێنەدایە کە "گاسل" لەگەڵ فەردینی ٢٩ ساڵە و کامیاری ٢٤ ساڵان ئاشنا دەبێ کە خەریکن بە خوێن یاری دەکەن. و ئەو یاریە شتێك نیە جوێ لە وەشاندنی دەرزی مەوادی موخەدیر لە ڕەگ و هاوکات کێشانی خوێن بۆ ناو دەرزیەکە و دیسان کردنەوەی بۆ ناو ڕەگ.

ئەو هەواڵنێرە لە زمان دوکتور شیرازیەوە باس لە عەمەلیاتی هێزەکانی پۆلیس دەکا و دەڵێ: زۆرێك لەو ماڵانەی کە ببونە بنکەی موعتادەکان کاول دەکرێن و ژمارەیێکی زۆریان دەگیرێن دەنێردرێن بۆ زیندان و هێندێکیشیان ئێعدام دەکرێن. ناوبراو دوای ئەوە دەنووسێ، ئێستا ٦٠٠ ناوەندی دەرمانی ئیعتیاد لە سەرتاسەری ئێراندا هەیە و زیاتر لە سەدان کەس رۆژانە سەردانی ئەو ناوەندانە دەکەن و جێگەرەوەی وەك "متادون" وەردەگرن. لەلایێکی دیکەوە وابڕیارە ناوەندێکی دەوڵەتی بۆ دابەش کردنی حەشیش بەو کەسانەی ئیعتیادی سەختیان هەیە و ناتوانرێ بە شێوەیێکی دیکە کۆمەکیان بکرێ، دامەزرێ و حەشیشی تێکەڵاو لەگەڵ ئەلکول دەدرێ بەو کەسانە.

### "عەلی سەنتوری، داستانێکی ئاشنا"

رژیمی ئێران لەلایەن وەڵاتانی خارجیەوە بە هۆی دژایەتی کردنی مەوادی موخەدیر زۆر تەشویق کراوە، "ئەستفان گاسل" هەواڵنێری "ئەشترن" لە دوای ووتنی ئەو دێڕە، باس لە رێ و رەسمی رۆژی جیهانی خەبات دژ بە مەوادی موخەدیر لە ئێران دەکا و دەڵێ هۆی سەرکی سەردانی بۆ ئێران بەو مەبەستە بووە. رێ و رەسمێك کە سەرۆك کۆماری رژیم لە پێوەندییێکی راستەوخۆدا لە دەفتەری سەرۆك کۆماریەوە دەڵێ: ئێستا کاتی ئەوە هاتووە تا ئەو خەڵکەی کە ئیدیعایان دەکرد لە بەرانبەر مەوادی موخەدیردا خەبات دەکەن لە ئامانج و پێوەند ئاشکرا و نهێنی خۆیان لەگەڵ قاچاخچیەکان، پێدابچنەوە. ئەوە هەم پێشنیارە و هەم وریایی.

کە داستانی فیلمی عەلی سەنتووری و موعتاد بوونەکەی دەکا و دەڵێ ئەو فیلمە بە ئاسانی لەگەڵ بەرانبەرەکەی پێوەندی دروست دەکا بۆ ئەوەی لەم وەڵاتەدا هەر کەسەو کەسانێك دەناسێ کە تووشی ئەو چارەنووسەی عەلی سەنتووری (داریوش مێهرجویی) هاتوون.

کۆتایی ڕاپۆرتەکە باس لە بەسەرهاتێك دەکا کە لە زمان بەهرام ڕادان ئەکتەری یەکەمی فیلمی عەلی سەنتووری کە لە ووتوویژ لەگەڵ ئەستفان گاسل باس لە رفێقێکی دەورانی منداڵی خۆی دەکا کە کڕاك ئەو منداڵە دەم بە پێکەنین و لاوە نەستەقەی کرد بە موعتادێك کە نووری چاوەکانی لە دەست داوە، قەڵەو و بێ هێز لە ماڵێکدا لەگەڵ دوو پرستاردا دژی و هیچێك ناڵێ، داستانی فیلمەکەی من وەك داستانی خانەوادەی رەفێقەکەمە کە باوك و دایکی بەو هۆیەوە داروخان.

***

# هێرشە تڕۆریستیەکەی شاری ( بەمبەئی ) هیندوستان و ئاسەوارەکانی

**سیامەند**



لە دوای ئەوەی ژمارەیێك چەکدار هێرشیان کردە سەر هۆتێلی تاج مەحەل و ناوەندێکی جوولەکەکان لە شاری "بەمبەئی" هیندوستان، کە لە ئاکامی ئەو هێرشەدا، نزیك بە زیاتر لە ١٧٠ کەس کوژران و ٣٠٠ کەسیش بریندار بوون، و تێکڕای هێرشبەرەکان کوژران، تەنیا نەفەرێکیان بە زیندوویی کەوتە دەست هێزە ئەمنیەتیەکانی هیندوستان.

ئەو هێرشە بۆ سەر شاری بەمبەئی لە ماوەی چەند رۆژدا بووە گەرمترین هەواڵی هەواڵدەریەکان و نەتەنیا قارەی هیند، بەڵکوو ناوەندە سیاسیەکانی جیهانی و ناوەندەکانی ڕاگەیاندنیشی بە خۆوە خەریك کرد. ئەگەر چی رێکخراوێکی بێ ناو ونیشان بە ناوی "موجاهیدین دەکن" بەرپرسایەتی ئەو هێرشەیان لە ئەستۆ گرتوە بەڵام لەشکری "طیبە" بە هاوکاری دەستگای هەواڵگری پاکستانیان بە بەرپرسی ئەو هێرشە ترۆریستیە تاوانبار کراون.

هێرشی ترۆریستی بۆ سەر شاری بەمبەئی یەکەم هێرش نیە کە دەکرێتە سەر هێندوستان و لە ڕابردووشدا چەندین هێرشی گەڵاڵە دارێژراو کرایە سەر ئەو وەڵاتە و هەموو جارێکیش قامکی تاوان بۆ لای پاکستان ڕاکێشراوە.

ئەگەر چی ئاڵۆزی و کێشە لە نێوان هیندوستان و پاکستان هەر لە دوای سەربەخۆیی پاکستانەوە بەردەوام بووە و سێ جەنگی خوێناوی لە نێوان ئەو دوو وەڵاتە رووی داوە بەڵام بە هاتنەمەیدانی هەل و مەرجێکی سیاسی لە بار دەوڵەتی هەر دوو وەڵات لە ساڵی ٢٠٠٢ بۆ نزیك بوونەوە و کۆتایی هێنان بە کێشەکان هەوڵی زیاتریان خستەگەڕ و چەندین دیداری دۆستانە بە مەبەستی ئاسایی کردنەوەی پێوەندیەکانی نێوانیان هاتە ئاراوە کە هەر لەو پێوەندیەدا "زەرداری" سەرۆك کۆماری نوێی پاکستان لە سەردانی ئەم دوایەی بۆ هیندوستان رایگەیاند بوو، کە لە ناخی هەر پاکستانییێك دا تۆزێك ناسنامەی هیندی هەیە و لە ناخی هەر هیندوستانییێکیشدا، تۆزێك ناسنامەی پاکستانی هەیە. بەڵام هێرشی ئەم جارە بۆ شاری بەمبەئی وێ دەچێ هەوڵەکان بۆ نزیك بوونەوەی هیندوستان و پاکستان لە ناو بەرێ و لە بەرابەریشدا ئەگەری سەرهەڵدانی جەنگێکی مەترسیدار لە شێوە قارەی هیند نزیك بکاتەوە.

کە بە پێی ئەو هەل و مەرجە جوغرافیایەی کە هیندوستان و پاکستانی تێدا هەڵکەوتوون و هەروەها لە سەر ئەو بنەمایەی کە هەر دوو وەڵات خاوەنی بۆمبی ئەتۆمین سەرهەڵدانی شەڕ نەك دەبێتە هۆی ماڵوێرانی و زیان بۆ خەڵکی دوو وەڵات بەڵکوو دەبێتە پەیدا بوونی مەترسی بۆ سەر ناوچەکە بەتایبەت و جیهان بە تێکڕا.

رەنگە بەشێکی سەرەکی لە مەبەستی ترۆریستیەکانیش ئەوە بوو بێ کە هەوڵەکان بۆ نزیك بوونەوە و ئاسایی بوونەوەی پێوەندیەکانی نێوان پاکستان و هیندوستان لە باربەرن. کە بێ گوومان ئەگەر جەنگێك ڕوو بدات ئەوە ترۆریستەکانن کە توانیویانە ئامانجەکانیان بپێکن و رێگە نەدەن ئاشتی لە ناوچە جێگیر بێ.

ئاشکرایە هیندوستان لەو هێرشە ترۆریستیە زیانی گیانی و ماددی و سیاسیی زۆری بەرکەوتوە، بەتایبەت چەندین وەزیری ئەو وەڵاتە، بە وەزیری ناوخۆیشەوە دەستیان لە کار کێشاوەتەوە کە قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانانە ئاسان نیە، بەڵام سەرە ڕای هەموو زیانەکان، ئەگەر جەنگێکی دیکە لە نێوان پاکستان و هیندوستان رووبدات بێ گوومان زیانە سیاسی و گیانی و ماددیەکان سەدان جار زیاتر دەبێ و لە هەمان کاتیشدا دەبێتە هۆی گەشەسەندن و پەرەسەندنی ترۆریستەکان و ئاسوودەییان. بەو پێ یە ئەرکی هەردوو وەڵات و کۆمەڵگای جیهانیە، هەوڵ بدەن، بۆ هێور کردنەوەی ئەو وەزعە و رێگە بگرن لە جەنگی چوارەم لە نێوان هیندوستان و پاکستان دا.

دیارە لەو پێوەندیەشدا، نابێ نەخش و کاریگەری دەسەڵاتی ئاخوندی ئێران لە بەرچاو نەگرین، هەر چەند بە زاهیر وانیشان دەدەن، حەزیان بە کێشە و ئاڵۆزی لە نێوان پاکستان و هیندوستان نیە، بەڵام بەو پێ یەی کە هەم هێندوستان و هەم پاکستان لە ئەمریکا نزیکن و هاوکاریان لە نێواندا هەیە و لەلایێکی دیکەوە رژیمی ئاخوندی لە بوونی دوو هێزی ناوکەیی و خاوەن توانا مەترسی هەیە، دوور نیە ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان هەوڵ بدەن کێشە لە نێوان ئەو دوو وەڵاتەدا پەرەبستێنێ.